**ئاشكرا كردنی تەزویری (ریساله ئیستیواو فەوقیه) كه به درۆ دراوەته پاڵ ئیمامی ئەبو محمد جوەینیەو ئەو بەریه لێی.**

سوپاس بۆ خوای گەوره، صەلات و سەلام لەسەر گەورەو سەردارمان پێغەمبەری خوا، وه لەسەر ئال و یارانیشی هەتا ڕۆژیی دوایی.

له دوای ئەمه:

تاقمی حەشویەكان زۆر درۆو دەلەسەیان به ناوی پێشەواكانی ئەهلی سوننه كردووه، وه یەكێ لەوانەش كه سەلامەت نەبووه لەو بوختانه ریسالەكەیه دراوەته پاڵ ئیمامی ئەبو محمد عبد الله كوڕی یوسفی جوەینی شافیعی ئەشعەریه، كه ساڵی وەفاتی (٤٣٨) كۆچیه، كه باوكی ئیمامی حەڕەمەین ئەبو لمەعالی عبد الملك جوەینی شاقیعی ئەشعەری گەورەو ئوصوڵیه كه وەفاتی (٤٧٨) كۆچیه، لەم دواییانه ریسالەیەك دەربارەی (ئیستیواو فەوقیەو پیت و دەنگ) بلاو بۆوه ئەوەی بیخوێنێتەوه گومان ناكات كه خاوەنەكەی كاریگەره به تاقمی حەشویەكان و مەیلی ئەوانی هەیه. وا گومانیان كردووه كەوا ئەمه دانراوی ئەبو محمد جوینیه، ئیتر حەشویەكان كەوتنه دڵخۆشیەوه زۆر بەخێرایی بلاوەیان بەو ریساله كردو پشتیان پێ بەست بۆ بیروباوەڕه پوچەكانیان، كەوا گوایه ئیمامی ئەبو محمد جوەینی ئەشعەری وازی له عەقیدەی ئەهلی سوننەی ئەشاعیرە هێناوه چووەته سەر مەزهەبی ئەوان كه پێیان وایه ئەوان ئەهلی سوننەن. بۆیه ئێمەش هەڵساین به لێكۆڵینەوەی مێژوویی لەبارەی ئەو ریسالەیەوه كه بۆ موسڵمانانی كەشف بكەین وەهابی و تەیمیه حەشویەكان دەستی پیسی خۆیان خستە ناو زۆر كتێبان بۆ تەزویركردنی كتێبی پێشەواكان، تاوەكوو موسڵمانان له فێڵەكانیان ئاگادارین!

یەكەم: پێناسەی جوەینی: حافیزی ئیبن و عەساكیر له كتێبی (تبین كذب المفتري) له زمنی زاناكانی ئەشاعیرە باسی كردووه كه ئەفەرمووێ: یەكێ لەوانەش ئیمامی ئەبو محمدی جوەینیه كه باوكی ئیمامی ئەبو لمەعالیه ڕەحمەتی خوای لێ بێ. شێخ ئەبولحەسەن عبد الغافری كوڕی ئیسماعیلی فارسی نوسی بۆی نوسی بووم كه ئەفەرمووێ: عبد الله كوڕی یوسفی كوڕی محمدی كوڕی حەیەویەی جوەینی پاشان نەیسابووری ئەبو محمد ئیمام ڕوكنی ئیسلام شەڕعزان و ئوصوڵی ئەدیب و نەحوی و موفەسسیره، تاكی سەردەمی خۆی بووه، كۆمەڵێك له پێشەواكان ئیسلام لەسەر دەستی پێگەییون و دەرچوون، وه لەبەر خۆپارێزی و دیانەتەكەی كه سێكی بەسام و ڕێز لێگیراو بووه له نێو قوتابیەكانی،

وە هیچ هیچ لەبەردەمی گوزەری نەئەکرد ئیللا پێداگری و هاندان نەبێ لەسەر بەدەستهێنان، وە لە فیقهیشدا دانراوەکانێکی هەن کە سوودیان گەلێك زۆرە وەکوو (التبصرة، والتذکرة، مختصر المختصر)، وە تەفسیرێکی گەورەشی هەیە کە دەیەها جۆری لەخۆ گرتووە لە هەموو ئایەتەکاندا، لە (زولقەعدەی ساڵی ٤٣٨کۆچی وەفاتی کردووە) وە وە لە دوای خۆیشی وێنەی کۆکراوەی خۆی بەجێ نەهێشتووە.

وە گوێم لە خاڵم ئیمامی ئەبو سەعید عبد الواحیدی کوڕی عبد الکریمی قوشەیری بووە کە ئەیفەرموو: ئەبو محمد جوەینی یەکێك بوو لە پێشەواکانمان لە سەردەمی خۆیدا، وە یەیەکێك بوو لە لێکۆڵەران لە هاوەڵانی ئێمە، کە لە بارەیەوە بڕوایان وایە کەماڵ و فەزڵ و سیفاتی چاکی تێدا هەبوو، ئەگەر بێت و جائیز بایە خوای گەورە پێغەمبەرێکی ڕەوانە بکردایە لە سەردەمی خۆی ئەوە تەنیا ئەو ئەبوو، ئەمەش لەبەر چاکی ڕێگاکەیی و وەڕع و زوهدو دینداریەکەی لە کەماڵی فەزڵەکەی.

وە قازی ئەبو بەکر یەحیای کوڕی إبراهیمی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محمد سەلماسی لە دیمەشق لە باوکیەوە ئەبو تاهیر هەواڵی پێداین کە فەرموویەتی: ئەبو عەلی حەسەنی کوڕی نەصری کاکە مەڕەندی شەڕعزان فەرمووی: ئەبو لقاسمی کوڕی مەنصوری کوڕی ڕامسی لە کاتی باسکردنی ئەبو محمد جوەینی فەرمووی: لە جوانترین و چاکترین ڕەوشتەکانی ئەو پیاوێکی بەرزو سابیت بوو، عەقڵێکی فراوانی هەبوو، لە هەموو کاروبارەکانی خۆی جیددی بوو، هیچ شتێکی ڕقلێکراوت لێی نە ئەدی، ئەمەش لەبەر یەکسانی بوونی دەرەوەی بە ژوورەوەی، وە بەهۆی هاوسەنگی نهێنیەکەی بە دەرەوەی، وە لەبەر زوهدو خۆ بەدوور گرتنەکەی لە ریاسەت و بەرپرسایەتی لە کاتێکدا کە ریاسەت ئەوی دەویست ئەویش لێی ڕا ئەکرد، وە ئەوەندەشی لە لای خۆشەویست ئەکرا ئەو هەر لێی ڕائەکرد). کۆتایی هات

ئیمامی تاج الدینی سوبوکی لە (الطبقات الشافعیة) وە غەیری ئەویش پێناسایان کردووە، ئەوەی حەز ئەکات ئەتوانێ بگەڕێتەوە ئەوێ.

وە هەموو ئەوانەی کە پێناسەیان کردووە کەسیان نەیانگوتووە وازی لە ئەشاعیرە هێناوەو بووە حەشوی. چونکە ئەگەر بێت و پەشیمان ببایەوە ئەوە لە کتێبە بەناوبانگەکاندا ئەمان دیت و ڕەددانەوەی ئەهلی حەقیشمان ئەبینی. وە هەتا لە کتێبەکانی ئیبن و تەیمیەو ئیبن و قەیم و زەهەبیش ئەمان دیت وێنەیەك لەو پەشیمانیە، بەڵام هیچ شتێك لە مانە وجودیان نیە، باشە چۆن ئەو هەموو

خەڵکە لەو ریسالەیە بێ ئاگان؟ وەڵامەکەی تەنیا ئەوەیە ریسالەیەکی تەزویرکراوەو درۆیەکە دراوەتە پاڵیەوە.

دووەم: ئەوەی لە ئیمام ئەبو محمد جوەینیەوە زانراوە عەقیدەیەکی چاکی هەبووە، ئەمەش لە دانراوەکانی خۆی بەیانی عەقیدەکەی خۆی کردووە کە خەڵکیش لێیەوە نەقڵی کردووە، جا دواییەکەیان (عقیده أصحاب الشافعی)یە، کە حافیزی ئیبن و عەساکیر لە کتێبی (التبین) نەقڵی کردووەو ئەفەرمووێ: شێخ و ئیمام ڕوکنی دین ئەبو محمد عبد الله کوڕی یوسفی جوەینی ڕەحمەتی خوای لێ بێ باسی کردووە لە کۆتایی کتێبەکەی کە دایناوەو ناوی لێناوە (عقيدة أصحاب الإمام المطلبِي الشافعي رحمه الله وكافة أهل السنة والجماعة)، کە ئەفەرمووێ: بڕوامان وایە پێکاوێتی موجتەهیدەکان لە ئوصوڵ و فڕوعدا یەکە، وە واجبە لە لە ئوصولڵدا دیاری بکرێ، بەڵام لە فڕوعدا ئەکرێ دیاری دێ، وە ئەشکرێ نەیەتن، وە مەزهەبی شێخ ئەولحەسەنی ئەشعەریش ڕەحمەتی خوای لێ بێ پێکاوکردنی موجتەهیدەکانە لە فڕوعدا، ئەمەش مەزهەبی شافیعی نیە ڕەزای خوای لێ بێ، وە ئەبو لحەسەنیش یەکێکە لە هاوەڵانی مەزهەبی شلفیعی ڕەزای خوایان لێ بێ، جا ئەگەر پێچەوانەی شتێکی کرد ئەوە پشتی تێ ئەکەین، ئیتر لەو ڕووەوە وتەی دەستەواژەی فرمان نیە پێچەوانەکردنەکەی بۆ ئوصولی شافیعی و دەقەکانی ڕەزای خوای لێ بێ کەمی بکەیتەوە یان شکۆداری بکەیت، وە ڕەنگە بیدعەچیەکان شتێکیان دابێتە پاڵیەوە گوایە کە ئەڵێ: ئەوەی لە نێو موصحەفدایە قوڕئان نیە، وە لە گۆڕیشدا پێغەمبەر نیە، وە بەهەمان شێوە هاڵاوێردکردن لە ئیمان و نەفی کردنی توانستی دروستکراو لە ئەزەلدا، وە تەکفیری عەوام و واجبکردنی بەڵگە زانست لەسەریان، جا گەڕام و لەوەی کە گەڕام لە کتێبەکانی بیرم کردەوە لە دەقەکانی لە بارەی ئەو بابەتانەوە بینینم هەمووی پێچەوانەی ئەوەن کە دراونەتە پاڵیەوە، وە سەرسامیش نیە چونکە ئەوان ئیعتیزازیان لێ گرت کەچی لاڵ بوون، لەبەرئەوەی ڕەحمەتی خوای لێ بێ قەدەریەکان و تێکڕای بیدعەچیەکانی فەزحکردو کەشفی عەوڕەتیانی کرد، جا هیچ خێرێك لەوکەسەدا نیە ئەو کەسە نەناسێت کە حەسوودی پێ ئەبات). کۆتایی پێ هات

ئەبینین ئەبو محمدی جوەینی یەکێکە لە کۆی زانا ئەشاعیرەکان کە ئیمزای ئەوەیان کردووە دەرحەق بە تەزکیەکردنی ئیمامی ئەبولحەسەنی ئەشعەری، کە نوسینی لاپەڕەکەش ئیمامی ئەبو لقاسمی قوشەیری ئەشعەری ئیمزای کردووە ئەمەش دەقەکەیەتی: (بسم الله الرحمن الرحيم اتفق أصحاب

الحديث أن أبا الحسن علي بن إسماعيل الأشعري رضي الله عنه كان إماما من أئمة أصحاب الحديث ومذهبه مذهب أصحاب الحديث تكلم في أصول الديانات على طريقة أهل السنة ورد على المخالفين من أهل الزيغ والبدعة وكان على المعتزلة والروافض والمبتدعين من أهل القبلة والخارجين من الملة سيفا مسلولا ومن طعن فيه أو قدح أو لعنه أو سبه فقد بسط لسان السوء في جميع أهل السنة. بذلنا خطوطنا طائعين بذلك في هذا الذكر في ذي القعدة سنة ست وثلاثين وأربعمائة والأمر على هذه الجملة المذكورة في هذا الذكر وكتبه عبد الكريم بن هوازن القشيري وفيه بخط أبي عبد الله الخبازي المقري كذلك يعرفه محمد بن علي الجنازي وهذا خطه وبخط الإمام أبي محمد الجويني الأمر على هذه الجملة ..))اهـ.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، هاوەڵانی فەرموودە یەکدەنگن کەوا ئەبو لحەسەن عەلی کوڕی ئیسماعیلی ئەشعەری ڕەزای خوای لێ بێ ئیمامێکە لە ئیمامەکانی فەرموودە، وە مەزهەبەکەشی مەزهەبی هاوەڵانی فەرموودەیە، قسەی لە ئوصوڵی دیانەتەکان کردووە لەسەر ڕێگای ئەهلی سوننە، وە ڕەددی پێچەوانکەرەکانیشی داوەتەوە لە تاقمە لادەرو بیدعەچیەکان وەکوو موعتەزیلەو ڕافیزەکان و بیدعەچیەکان لە ئەهلی قیبلەو دەرەچووەکان لە دینی ئیسلام، کە شمشێرێکی دەردەدار بووە، جا هەر کەسێ کە تانەی لێدابێ یان برینداری کردبێ یان نەفرینی لێ کردبێ یان جوێنی پێدابێ لەو کاتەدا زمانی دریژکردووە بەرامبەر گشت ئەهلی سوننە. ئێمە دەستنووسی خۆمان بەخشیوە وەك گوێڕایەڵیکەرانێك بۆ ئەمە لەو باسکردنەدا لە (زولقەعدەی ساڵی ٤٣٦کۆچی) وە کارەکەش لەو ئەو ڕستە باسکراوەیە لەو باسکردنەدا کە عبد الكريم کوڕی هەوازینی قوشەیری نوسیویەتی، وە بە دەستنووسی ئەبو عبد الله خەببازی موقریش وە بەهەمان شێوە محمدی کوڕی عەلی جەنازی ئەیناسێ ئەمەش دەست و خەتی خۆیەتی، وە بە دەست و خەتی ئیمامی ئەبو محمدی جوەینی کارەکەش لەسەر ئەو ڕستەیە... .

ئەم مەکتووبە ئەبینی ئیمزای ئیمامی جوەینی تێدایە کە لە ساڵی ٤٣٦ کۆچی بووە بەر لە وەفاتی بە ماوەیەکی کەم.

وە لە دانراوە چاپکراوەکانی کتێبی (التبصره) کە وتەی چاك و جوانی تێدایە دەرحەق بە ڕوونکردنەوەی عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعە، ئەمەش شتێکە لە کتێبەکەی لە لاپەڕە١٨٣باب الإيمان: ( أن يعتقد حدوث العالم وقدم محدثة وأنه ليس كمثله شيء وتحقيقه أنه لا يتصور في الوهم وما دونه يقبل هذه الصفة والنهاية منفية عنه وليس بجوهر ولا جسم ولا عرض وانتفت عنه الكيفية

والكمية والأينية واللمية وأنه حي قادر مريد سميع بصير متكلم له حياة وقدرة وعلم وإرادة وسمع وبصر وكلام لم يزل ولا يزال بهذه الصفات لا يشبه شيء منها شيئا من المخلوقات... وأنه قائم بنفسه مستغن عن مكان يقله وعن جسم يحله ليس له تحت فيكون تحته ما يسنده ولا فوق فيكون فوقه ما يمسكه ولا جانب يعضده أو يزاحمه ثم الاعتقاد بجواز الرؤية مع نفي الأوصاف المحدثة عنه .... فإن استمرت هذه العقيدة على هذه الشرائط واستقرت عليها بحيث لا يتشكك بالتشكيك ولا يرتاب بجدال أهل الإلحاد فقد سبق إليه الإيمان بحذافيره .....

بابی ئیمان: (ئەبێ موسڵمان بڕوای وابێ کەوا جیهان دروستکراوەو وە هەمیشەیی نەبوونی کە بە دیهێنراوە، وە هیچ شتێك وەکوو خودا نیە، وە تەحقیقکردنی ئەمەش بەوە ئەبێ کە تەصەور ناکرێ لە وەهمدا، وە وە غەیری ئەویش ئەو سیفەتی تەصەوڕە قەبووڵ ئەکات، وە کۆتایی دانان بۆ ئەو نەفی کراوەو ڕەتکراوەیە، وە ئەو نە جەوهەرو ماددەیە، وە نەجەستەو عەرەزو لابەلایە، چۆنیەتی دانان و چەندێتی لە کوێیەتی و بۆچی ئاوایە دەرحەق بەو نەفی کراوە، وە زاتێکە زیندووەو خاوەن تواناو ویست و بیسەرو بینەرەو قسەکەرە، وە حەیاتی هەیە، وە توانستی هەیە، وە زانستی هەیە، وە ئیرادەی هەیە، وە بیستن و بینینی هەیە، وە لەگەڵ قسەدا، کە بە هەمیشەیی و بە بەردەوامی بەو سیفەتانە بووە، هیچ یەکێك لەو سیفاتانە بە سیفاتێکی دروستکراوان ناچن...، وە خودا ڕاگیرە بەخۆی و بێ ئیحیتیاجە بە شوێن تاوەکوو هەڵی بگرێ، وە لە جەستەش تاوەکوو تێکەڵی ببێ، ژێری نیە تاوەکوو ئەوەی لە ژێریەوەتی پشتی پێ ببەستێ، وە سەرێش نیە تاوەکوو ئەوەی لەسەرەوەیە بێ خودا بگرێ، وە تەنیشتی نیە تاوەکوو پاڵکەوێ و پشتی ببێ بەستێ یاخود بەرتەسکی بکاتەوە، پاشان باوەڕبوون بە دروستیەتی بینینی خوای گەورە لەگەڵ نەفی کردنی وەصفە دروستکراوەکان دەرحەق بەخوای مەزن...، جا ئەگەر تۆ لەسەر ئەم عەقیدەیە بەردەوام بوویت ئەوە لەسەر ئەو مەرجانە، وە جێگیربوویت لەسەری بەجۆرێ کە گومانت لێ پەیدا نەبێ بەهۆی گومانچیەکەوە، وە گومانیشت بۆ پەیدا نەبێ بەهۆی ئەهلی ئیلحادەوە ئەوە ئیمان پێشی کەوتوو بەهەموو لاکانیەوە....

وربما يتلو بآية أو يقرع سمعك خبر فيستولي على خاطرك عدوك كمثل آيات الصفات والاستواء على العرش واليد والعين وحديث النزول وما أشبه ذلك فمتى أشكل عليك لفظ شرعي في صفات الذات فاصرف ذلك اللفظ إلى الفعل مثاله قوله تعالى وهو معكم الآية وقوله { وما يكون من نجوى ثلاثة إلا هو رابعهم } وقوله { ونحن أقرب إليه من حبل الوريد } يحتمل والله أعلم من حيث العلم لا من حيث الذات ومن أثبت له مكانا مخصوصاً أو جعل العرش له قراراً قيل له كيف يكون العرش

له قرار من حيث المكان وهو على العرش يعلم ما على الأرض (أينما كنتم) و ( أقرب إليكم من حبل الوريد ( فإن استعمل بأن يحمل قوله { وهو معكم } على صفات الفعل فكذلك يحمل الاستواء والنزول على صفات الفعل وإن اختير الإعراض عن تأويل قوله تعالى { وهو معكم } فليعرض عن تأويل الاستواء وحديث النزول ونظائرهما فإن من السلف الصالحين من اختار في هذه الظواهر ترك الكلام عليها مع الايمان بها وذلك طريقة حسنة ..)) اهـ

وه ڕەنگە ئایەتێك بخوێندرێتەوە یاخود هەواڵێك بەبەرگوێت بكەوێ ئیتر لەوەوە دوژمنەكەت بەسەر ئەندێشەو خەیاڵتا زاڵ ببێ بۆ نموونە وەكوو ئایەتەكانی سیفات و ئیستیوا لەسەر عەرش یەدو عەین و فەرموودەنەی دابەزین و وێنەی ئەمانەش جا هەر كاتێ كێشەت بۆ دروستبوو لە لەفزێكی شەرعی لە سیفاتی زات ئەوە پشت لەو لەفزە بكەو بۆلای فیعلی بۆ نموونە وتەی خوای گەورە ئەو لەگەڵتانە (سێ كەس نیە كە قسە ئەكەن یاخود چپە ئەكەن ئیللا خوای گەورە چوارەمیانە)، وه وتەی (ئێمە لە شا دەمار زیاتر لەو نزیكترین) ئەكرێ والله أعلم لە ڕوانگەی زانستەوە بێ نەك لە ڕووی زاتی خوای گەورەوە، چونكە هەر كەسێ جێگایەكی تایبەت بۆ ئەو جێگیر بكات یاخود عەرش بكاتە جێگای ئەو ئەوە پێی ئەگوترێ: چۆن عەرش دەبێتە جێگای ئەو لە ڕووی جێگەوە لە كاتێكدا لەسەر عەرش بێ ئەوەی لەسەر زەوی ڕوو ئەدات ئەیزانێ (أينما كنتم) لە هەر جێگایەك بن، وه (لە شا دەمار لەو نزیكترین) جا ئەگەر بەكارهێنرا ئەو كاتە (ئەو لەگەڵتانە) ئەوە هەڵئەگرێ كەوا سیفاتی فیعل و كردارە بەهەمان شێوە ئیستیواو دابەزین و لەسەر سیفاتی كردارە، وه ئەگەریش پشتكردن لە تەئویلكردنی (ئەو لەگەڵتانە) هەڵبژێردرا ئەو كاتە با پشت لە تەئویلكردنی ئیستیواو فەرموودەی دابەزین و هاووێنەكانیان بكرێ، چونكە كەسانێك لە سەلەفی صاڵح هەنە ئەو زاهیریەی هەڵبژاردووە تەركی قسەشی كردووە لەسەری وە لەگەڵ ئیمان هێنانیش پێی، ئەمەش ڕێگایەكی چاكە. كۆتایی هات.

واتە: ڕێگای زۆرینەی سەلەف بەسەر داڕۆیشتنی ئەو دەقانەیە بەبێ لێكۆڵینەوە لە مانای زاهیری دەقەكان چۆنیەتی و حەقیقەتی ئەو دەقانە، هەر خوداو پێغەمبەرەكەی ئەزانن، ئیمانیشیان بە دەقەكان هەیە، بەڵام كاتێ ئەهلی بیدعە دێ ئەیەوێ زاهیری ئەم دەقانە بیكاتە حەقیقەت و بەرجەستەی بكات بۆ خودا ئەو كاتە ئەهلی سوننە بەر پەرچیان ئەدەنەوە بە تەئویلكردنێكی وا كە شایەنی خوایەتی خوا بێ.

جا خۆشەویستان گەر سەیری وتەکەی ئیمامی جوەینی بکەین هەمان وتەی ئەهلی سوننەیە لە ئەشاعیرەو ماتۆریدی ئیتر چۆن تەصەوری حەشویەکانی لێ ئەکرێ؟!

ڕەحمەتی خوای لێ بێ باوەڕێکی چاکی هەبووە دەرحەق بە زانستی کەلام، حافیزی ئیبن و عەساکیر لە (التبین کذب المفتري) ئەفەرمووێ:

((أخبرنا الشيخ أبو القسم عبد الرحمن بن الحسن بن أحمد الجرجاني الصوفي المعروف بالشعر بنيسابور قال سمعت أبا الحسن علي بن أحمد المديني يقول سمعت الإمام أبا محمد عبدالله بن يوسف الجويني يقول رأيت إبراهيم الخليل عليه السلام في المنام فأهويت لأن أقبل رجليه فمنعني من ذلك تكرما لي فاستدبرت فقبلت عقبيه فأولت الرفعة والبركة تبقى في عقبي ثم قلت يا خليل الله ما تقول في علم الكلام فقال يدفع به الشبه والأباطيل))اهـ.

واتە: شێخ ئەبو لقاسم عبد الرحمانی کوڕی حەسەنی کوڕی ئەحمەدی جورجانی صۆفی کە بە شعر ناسراوە لە نەیسابوور هەواڵی پێداین کە فەرمووی: گوێم لە ئەبو لحەسەن عەلی کوڕی ئەحمەدی مەدینی بوو ئەیفەرموو: گوێم لە ئەبو محمد عبد الله کوڕی یوسفی جوەینی بوو ئەیفەرموو ئیبراهیم خەلیلم لە خەودا بینی سەلامی لەسەر بێ، هەوڵمدا تاوەکوو پێکانی ماچ بکەم نەیهێشت وەك ڕێز لێنانەك لە من، ئیتر منیش چوومە دواوەیی پاژنەی پێم ماچ کرد، بەوەم لێکدایەوە کەوا بەرزی و بەرەکەت لەپشتم واتە نەوەکانم ئەبێ، پاشان گوتم: ئەی دۆستی خوا چی ئەڵێی دەربارەی زانستی کەلام؟ ئەویش فەرمووی: ڕەتکردنەوەی گومانەکان و باتڵ و پووچەکانە.

سێیەم: واسیطی کێیە؟ وە پەیوەندی چیە بەو ریسالە ساختەیەوە؟

شێخێکە هی سەدەی حەوتەمی کۆچی هەروەك شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەر لە (الدرر الكامنه) بەو جۆرە باسی کردووە: ((أحمد بن إبراهيم بن عبد الرحمن عماد الدين ابن الشيخ أبي إسحاق شيخ الحزامية الواسطي ثم الدمشقي الصوفي ولد سنة ٦٥٧ وتفقه على مذهب الشافعي وتعبد وانقطع وكان يرتزق من النسخ وخطه حسن جداً وله اختصار دلائل النبوة وتسلك به جماعة وكان يحط على الاتحادية قال الذهبِي تفقه وكتب المنسوب وتزهد وتجرد وتعبد وصنف في السلوك وشرح منازل السائرين وكان منقبضاً عن الناس حافظاً لوقته لا يحب الخوانك تسلك به جماعة وكان ذا ورع وإخلاص وله نظم حسن مات في شهر ربيع الآخر سنة ٧١١))اهـ.

"ئەحمەدی کوڕی إبراهیمی کوڕی عبد الرحمان عماد الدینی کوڕی شێخ ئەبو ئیسحاقی شێخی حوززامیەی واسیطی ئینجا دیمەشقی صۆفیە، لە ساڵی ٦٥٧ کۆچی لە دایکبووە، فیقهی خوێندووە لەسەر مەزهەبی شافیعی خەریکی خواپەرستی بووەو خۆی یەکلا کردبۆوە بەهۆی نەسخکردن و نوسینەوەی کتێبان ڕۆزی پەیدا ئەکرد، وە دەست و خەتیشی زۆر جوان بووە، وە پوختەیەکیشی هەیە لە بارەی (دلائل النبوة) کۆمەڵێکیش شوێنی کەوتن، وە ڕەددانەوەی ئەوانەشی هەبووە کەوا پێیان وابووە خودا لەگەڵ بوونەوەران یەکدەگرێ، وە زەهەبیش ئەفەرمووێ: فێری فیقھ بوو، وە کتێبیشی دراوەتە پاڵ، وە زوهدی کردو خۆی ڕووتکردەوە لە هەموو شتێك، وە خواپەرستی ئەکرد، وە لەبارەی سلوك (تەصەوفەوە) کتێبی دانا، وە شەرحی (منازل السائرین)ی کرد، خۆی گرتبۆوە لە خەڵکی و پارێزگاری لە کاتەکانی خۆی ئەکرد، وە زۆر حەزی بەسەر سفرەو خوانا نەبووە، کۆمەڵێکیش شوێنی کەوتن، کەسێکی خاوەن وەرع و ئیخلاص بوو، وە شیعریشی هەیە، لە مانگی ربیع الآخر ساڵی ٧١١ کۆچی وەفاتی کردووە".

ئەمە هەموو شێخمان حافیز باسی کردووە، کە پێناسەیەکی زۆر کەمە، وە پێناسەی ئەو پیاوە لە چەند کتێبی تردا دەستت ئەکەوێ وەکوو (العبر، شذرات الذهب، الصافي) وە غەیری ئەوانەش، بەڵام لە هەموویان بەرفراوانتر کە باسی کردبێ (ذیل طبقات الحنابلة)یە هی ئیبن و ڕەجەب، جا هەرکەسێ بگەڕێتەوە کتێبەکەی ئیبن و ڕەجەب ئەزانێ ئەو پیاوە کوڕی شێخی ریفاعیەی ئەحمەدی بووە، هاوەڵانی سەید ئەحمەدی ریفاعی، وەك صۆفیەك پێگەیشتووە، وە فێری فیقھ بووە لەسەر مەزهەبی شافیعی، پاشان چەند گەشتێکی کردووە کە لە کاتی گەشتەکانی بە کۆمەڵە تاقمێکی زۆر کەوتووە لەوانە هاوەڵانی تەریقەتی شازلی جا کاریگەر بووە بەوان جا بووە تەریقەتی شازلی، پاشان خوای گەورە تەقدیری بۆی کرد کەوا بە ئیبن و تەیمیەو هاوەڵانی بگات ئیتر پێیەوە کاریگەربوو، ئیتر لە دەرەنجامەکانی ئەو کاریگەریەوە کە شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەرو غەیری ئەویش بەو زانیاریانە نەگەیشتوون کە واسیگی وازی لە مەزهەبی شافیعی هێناوەو بووەتە حەنبەلی، وە یەکێ لەو شوێنەوارانە ئەو وازی لەوە هێنا کە پێشتر لەسەری لە ڕێگای صۆفیەت، وە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر واسیگی دا هاتووە شافیعیەکان لە تەبەقاتەکانی خۆیان پێناسەیان نەکردووە (واتە: بەزانایەکی شافیعی لە قەلەمیان نەداوە)، بەڵام حەنبەلیەکان لە تەبەقاتەکانی خۆیان پێناسەیان کردووە، جا ئەگەر ئەمەتزانی ئەوە لەسەرت گران نابێ تەصەوری ئەوەی کە واسگی کۆتایی لەسەری بووە بەتایبەت لە بابی عەقائید، هەروەك باسی لێوە دەکرێ کەوا خۆی دوور دەگرت

له زانسته عەقڵیەکان که ڕووت و خاڵی بوو لەو زانسته، چونکه ئەمەش له کاری ئەوه کەوا کاریگەری نەرێی شێخ ئیبن و تەیمیەی لەسەر فیکری هەبووه، ئەمەش پارچەیەکه له وتەی ئیبن و ڕەجەبی حەنبەلی که ئەڵێ: "پاشان هاته دیمەش، شێخ تقی الدین ئیبن و تەیمیەی بینی و هاوەڵایەتی کرد، ڕێنموویی کرد کەوا کتێبی ژیاننامەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بخوێنیتەوه، ئەوەبوو پڕژایه سەر سیرەی ئیبن و ئیسحاق و تەهژیبی ئیبن و هیشام، وه کورت و پوختی کردەوه، وه پڕژایه سەر کتێبەکانی فەرمووده‌و سوننەت و ئەسەرەکان، وازی له هەموو ئەحواڵ و تەریقەتەکان و زەوق و سلوکەکانی خۆی هێنا (واته: ئەوانەی که پێشتر لەسەری بووه له تەریقەت و بیروبۆچوون ئەو شتانەی لای پەسند بووه)، ئیتر شوێن ئەسەرو ڕێگای پێغەمبەری خوا کەوت صلی الله علیه وسلم،[1] وه شوێن ئەو ڕێگایانه کەوت که هاتووه له کتێبەکانی سونەن و ئەسەرەکان، گرینگی به ئەمری سوننەتدا له ڕووی ئوصوڵی عەقائیدەوه لەگەڵ فروعی فیقهیدا، وه دەستی به ڕەتدانەوەی تاقمە بیدعەچیەکانی کرد ئەوانەی که تێکەڵیان ببوو و ئەیانی ناسی له ئیتتیحادیەکان و غەیری ئەوانیش، وه کەم و کوڕیەکانی ئەوانی ڕوونکردەوه، وه کەشفی نهێنیەکانی ئەوانی کرد، هاته سەر مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد. پێم گەیشتووه کەوا (الکافی) ئەخوێند لای شێخ مجد الدینی حەڕڕانی ئەوەی که باسی دێتن إن شاء الله تعالی). کۆتایی به وتەکەی هات

سەرنجی ئەمه بده که له پێناسەی ئیبن و ڕەجەبدا هاتووه دەرحەق بەو: (وكان داعية إلى السنة، ومذهب السلف الصالح في الصفات، يُمِرها كما جاءت)اهـ.

واته: "بانگەوازی بۆ سوننەت ئەکرد، وه له سیفاتیشدا لەسەر مەزهەبی سەلەفی صاڵح بوو، بەسەریدا تێپەڕ ئەبوو هەروەکوو ئەوەی هاتووه".

جا یەکێ لەو بەیته شیعرانەی که لەسەری وەستاوم زەهەبی گێڕاویەتیەوه له (معجم الشيوخ):

واقصد إلى السنة الغراء تفهمها

فهم الخصوص فتعلو في مبانيها

---

[1] منیش ئەڵێم: یەکێك نەزانێ ئەحواڵی پێشووتری ڕێگای فیرعەون و هامان و دەججال و ڕێگای گومڕایەکان بووه، ئەمەی ئیبن و ڕەجەب دەیڵێ ناحەقی بەرامبەر تەصەوف و مەزهەب و ئەو شتانەی که پێشتر لەسەری بووه خودا لێی ببوورێ. پێتان سەیر نەبێ حەنبەلیه دەمارگیرەکان بەو وشانه شوێنکەوتنی ئەسەرو وشه ڕازاوەکانی تر بەردەوام خەڵکیان بەوه چەواشه کردووەو مەزهەبی بەامبەریان به شوێننەکەوتنی ئەسەرو ڕێگای سەروەرمان تۆمەتبارکردووه. وەرگێڕ

وداوم الذكر بعد العقد من سنن

عقد ابن حنبل للأمراض يشفيها

جا ئەگەر ئەمەتزانی هەمووی ئاسان ئەبێ بۆ تۆ کەوا پیاوێکی وەکوو واسیطی شافیعی بناسی پاشان حەنبەلی ریفاعی پاشان شازلی پاشان تەیمی، هیچ دوور نیە لەسەری کەوا ریسالەیەك لە عەقائید بنووسێ کە دەستەواژەکانی پێکپرژاو تێکەڵ و پێکەڵ بێ کە حەیرەتی خاوەنەکەی دەرئەخات، وە ئەو کەسەش سەرسام ئەکات کە ئەیخوێنێتەوە کە ئایا خاوەنەکەی حەشویە یاننا؟! بۆیە بە ڕوکەشی ئەو ریسالەوە دیارە کە واسیطی ئەو ریسالەی لە عەقائید نوسیوە سەبارەت بە بابەتی ئیستیواو فەوقیەت و حەرف و صەوت، وە ئەم ریسالەیەش لە نێو حەنبەلیەکان دەستاو دەستی پێکراوەو دەرنەخراوەو بەناوبانگ نەبووە.

چوارەم: ئیمامی سەفارینی حەنبەلی لە ریسالەی واسگیەوە نەقڵی کردووە:

سەفارینی حەنبەلی وەفاتەکەی ساڵی ١١٨٨کۆچیە، لە کتێبەکەی خۆی (لوامع الأنوار البهیه)(ب١/ل٢١٠). ئەفەرمووێ: (ذكر الإمام أبو العباس عماد الدين أحمد بن إبراهيم الواسطي الصوفي المحقق العارف تلميذ شيخ الإسلام بن تيمية قدس الله سرهما الذي قال فيه شيخ الإسلام إنه جنيد زمانه في رسالته: (نصيحة الإخوان) ما حاصله في مسألة العلو والفوقية والاستواء هو أن الله عز وجل: (كان ولا مكان ولا عرش ولا ماء ولا فضاء ولا هواء ولا خلاء ولا ملأ وأنه كان منفردا في قدمه وأزليته متوحدا في فردانيته لا يوصف بأنه فوق كذا ..)اهـ.

ئیمامی ئەبو عەباس عماد الدين ئەحمەدی کوڕی إبراهیمی واسیطی صۆفی[2] لێکۆڵەرو عاریف قوتابی شێخی ئیسلام خودا نهێنیان پیرۆز بکات، ئەو کەسەی کە شێخی ئیسلام لە بارەیەوە گوتوویەتی ئەو جونەیدە، جا لە ریسالەکەی خۆی (نصيحة الإخوان) باسی کردووە، جا پوختەکەی لە بابەتی (علوو فەوقیەو ئیستیوا) ئەوەیە کەوا خوای گەورە (هەبووە بەبێ ئەوەی جێگەو عەرش و ئاو و بۆشایی هەواو بەتاڵی و پڕایی هەبێ، ئەو تەنیا بوو هەر بەهەمیشەیی و ئەزەلیەتی خۆی، تاك بوو لە تەنهایەتی خۆی، وەصف ناکرێت بەوەی لەسەر شتە). کۆتایی هات

---


[2] لەو دەقەی ئیمامی سەفارینیەوە دەردەکەوێ ئەو زانا بەڕێزە بە یەکەجاری وازی لە تەصەوف و تەریقەت نەهێناوە بە پێچەوانەی وتەکەی ئیبن و ڕەجەب بەڵکوو وازی لە ڕێگاکانی تر هێناوەو چووەتە سەر ڕێگای تەصەوفی شێخ جونەیدی بەغدادی ڕەحمەتی خوایان لێ بێ. وەرگێڕ

جا گەر سەیری بکەین سەفارینی بەشێك لە ریسالەکەی هێناوە، وە تۆش دەقی یەکەم ئەبینی، وە هیچ گومانێکیشی تێدا نیە کەوا سەفارینی سەیری دەستنووسەکانی کردووە یاخود نەقڵی کردووە لە یەکێ لەوانەی ڕابووردوو لە حەنبەلیەکان.

پوختەی کەلام ئەو ریسالەیەی کە سەفارینی ناوی لێ ناوە هەروەك بینیت بە (نصیحة الإخوان) ئەمە مایەوە بەبێ ئەوەی بەناوبانگ بێ هەتاوەکوو یەکەم چاپی کرا لە ساڵی ١٣١٦کۆچی کە لە هیند چاپکرا کۆکرابۆوە لە ژێر ناونیشانی (أربح البضاعة) کە چەند ریسالەیەکی لە عەقیدەی لە خۆگرتووە، وە ئەم کۆکراوەش لە ڕێکخستنی عەلی کوڕی سلێمانی حولوەتی ئالی یوسفی تەمیمی بەغدادیەوە بووە، کە یەکێکە لە قوتابیەکانی محمود شوکری ئالوسی، وە یەکێ لەو ریسالانەی کە لەناو ئەو کۆکراوەدا هەیە لە ژێرناونیشانی (عقیدة الواسطي) کە ئامۆژگاری و نەصیحەتی لەخۆگرتووە هەروەکوو ئەوەی سەفارینی دایە پاڵ واسیطی.

پێنجەم: ریسالەی واسیطی بە ساختە دراوەتە پاڵ جوەینی:

هەندێك دەستنووسێکی خەت نوێ لە هەیوانی شامیەکانیان لە ئەزهەری شەریف دۆزیەوە کە دیارە لەسەری نوسرایە دیارە خەتەکەی نوێیە هەروەکوو لە وێنەکەدا ئەیبینی:


هذه رسالة في اثبات الاستواء والفوقية ومسألة الحرف والصوت
في القرآن المجيد وتنزيه البارئ سبحانه عن الحصر والتمثيل والكيفية
للشيخ الامام العالم العلامة ابي المعالي عبد الله بن يوسف الجويني
الشافعي قرأ الاصول على والده والفقه على ابي يعقوب الابيوردي
ثم خرج الى نيسابور فلازم ابا الطيب الصعلوكي ثم رحل الى
مرو والقفال فلازمه حتى برع عليه مذهبا وخلافا وكان اماما
في التفسير والفقه والادب قال شيخ الاسلام ابو عثمان الصابوني
لو كان الشيخ ابو محمد الجويني في بني اسرائيل لنقلت الينا اوصافه
وافتخر به صنف التفسير الكبير اشتمل على عشرة انواع من العلوم
في كل آية توفي سنة ثمان وثلاثين واربعمائة وامام الحرمين
ابنه قرأ الفقه على ابيه والاصول على ابي القاسم الاسكاف
تلميذ الاسفرايني توفي والده
وله نحو عشرين سنة فاقعده
الائمة في مكانه للتدريس
والله سبحانه وتعالى
وقف هذا الكتاب السيد [illegible] على طلبة العلم بالازهر
[illegible]

جا ئەگەر سەرنجت دابێ بۆت ڕوون ئەبێتەوە کەوا لەبەرگرەوەی دەستنووسەکە تێکەڵی کردووە لە نێوان ئیمامی ئەبولمەعالی عبد الملك جوەینی لەگەڵ باوکی ئەبو محمدی جوەینی، ئەبینی یەکەمجار ئەڵێ (ئەبو لمەعالی) ئەمەش کونیەی ئیمامی حەڕەمەینە بەڵام لە دوای ئەوە ئەڵێ: (عبد الله کوڕی یوسفی جوەینی)، ئەمەش ناوی باوکیەتی کە ئەبو محمدە، پاشان ئەبینی ئەڵێ: (قرأ الأصول على

والده..) ئوصولّی لای باوکی خوێندووه، ئەمەش سیفەتی ئیمامی حەڕەمەینە، پاشان وتەیەکی تری نەقلّ کردووە کە سیفەتی ئەبو **محمد** جوەینیە... ئەمەش هەموو بەڵگەیە کەوا نوسەرەکە تێکەڵ و پێکەڵکەربووە لە پێناسەکردنی دانەر! بەڵام کاتێ کە هەندێ کەس بەو ریسالەیە گەیشتوون هەڵساون بە چاپکردنی کەوا ئەمە هی ئەبو **محمد** جوەینیە هەڵخەڵەتاون بەوەی کە لەبەرگرەوەی دەستنووسەکە نوسیویەتی بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەو وردەکاری بکەن، ئەمەش چاپەمەنی مونیرییە ئەو کارەی کردووە.

لەساڵی **١٣٤٣** کۆچی چاپەمەنی مونیرییە کە خاوەنەکەی **محمد** مونیر دیمەشقیە کە هەڵساون بە لە چاپدانی کۆکراوەیەکی نوێ کە کۆمەڵە ریسالەیەکی زۆری لە خۆگرتبوو، کە ئەم کۆکراوە ناسراوە بە (الرسائل المنيرية)، وە لە نێو ئەو ریسالانەش ریسالەیەك هەیە بە ناونیشانی (رسالة الأستواء والفوقية) کە دراوەتە پاڵ ئەبو **محمدی** جوەینی باوکی ئیمامی حەڕەمەین، کە کەسانێك ئەو دەستنووسە نوێیەیان لە ئەزهەری شەریف لە قاهیرە دۆزیەوە، ئەوەی کە وێنەکەی پێشکەوت لەو مێژووە **١٣٤٣**کۆچی، کە ریسالەی واسیطیان بۆ یەکەمجار دایە پاڵ ئیمامی ئەبو **محمدی** جوەینی، بەڵام گەر تۆ سەیری دەقی ئەو چاپەت کردبێ وە بەراوردی بکەی لەگەڵ دەقی (نصيحة الإخوان) ئەوە کە سەفارینی نەقلّی کردووە، وە بەراوردیش بکەی بە (عقيدة الواسطي) چاپکراو لە زمنی کۆکراوەی (أربح البضاعة) بۆت دەرئەکەوێ کەوا یەك دەقە، وە واجبیشە دانەرەکەشی هەر یەك کەس بێ.

وە لە ساڵی **١٣٧٤** کۆچی زوهێر شاوێش (عقيدة الواسطي) چاپکرد ئەوەی کە باسی لێوەکرا دوای ئەوەی کە جیای کردەوە لە کۆکراوەکەی ڕابووردوو (أربح البضاعة)، بەڵام ئەم جارە ناوێکی نوێی لێنا بە ناوی (النصيحة)، هۆکاری گۆڕینی ناوەکەش بۆ شاوێش دەرکەوتووە وەك ئەڵێ: **"**بینیم دانەر ناوی لێناوە (النصيحة) لە لاپەڕە ٨، بۆیە چاپم کرد بەو ناوە**"**. وتەکەی کۆتایی هات

باسی ئەوەمان کرد کە سەفارینی حەنبەلی ناوی لێ نابوو بە (النصيحة) جا ئەم چاپەش لە ژێر نەفەقەی شێخ عەلی ئالی ثانی بووە، جا ئەم چاپە دەرکەوت بەناوی (النصيحة) ئەمەش هەمان ئەو نوسخە بوو کە دووبارەکرابۆوە لە کۆکراوەی (أربح البضاعة)، کە لەوێدا بەناوی (عقيدة الواسطي) هاتبوو.

وە لە ساڵی **١٣٨٣**کۆچی ئەمجارە زوهێر شاوێش کۆکراوەی(أربح البضاعة) بە چاپگەیاند کە (عقيدة الواسطي)ـشي لەگەڵ بوو.

شەشەم: شێخ زوهێر شاوێش موحەییەرە لە نێوان دوو چاپدا بۆئەوەی بگاتە دەرەنجامێکی هەڵە:


ئەوەبوو شێخ زوهێر شاوێش سەیری چاپە باسکراوەکانی کرد، بینی (النصیحة) بۆ یەکەمجار دراوەتە پاڵ واسطي، پاشان لە مونیریەش دراوەتە پاڵ جوەینی، ئیتر موحەییەرما کە چی بکات؟ لە دەرەنجا بیری کردەوە کەوا ریسالەکە هی جوەینیە لەبەرئەوەی وەفاتی ئەو لە پێشترە، ئەکرێ واسطي لەوێ وەریگرتبێ[3].

دووبارە مەکتەبەی ئیسلامی کە خاوەنەکەی زوهێر شاوێشە چاپی (النصیحە)ی کردەوە بە جیا چەند جارێك، کە لە بنەڕەتدا (عقیدة الواسطي)ـیە، ئەوەیشی ئێستا لەبەردەستمە چاپی چوارەمەساڵی ١٤٠٥ کۆچیە، بەڵام ئەمجارە شاوێش ئەم ناونیشانەی لەسەری نوسیوە[4] (النصیحة في صفات الرب جل وعلا وتتضمن عقیدة الإمام عبدالله بن یوسف الجویني المتوفى سنة ٤٣٨هـ للعلامة الشیخ أحمد بن إبراهیم الواسطي الشافعي الصوفي المعروف بابن شیخ الحزامیین المتوفى سنة ٧١١، تحقیق زهیر الشاویش) کۆتایی پێ هات.

---

[3] ئای قوربانی درۆو دەلەسەتان بم، کەسم نەبینیوە بە قەد هێندەی حەشویەکان درۆزن تر بێ لە تەزویرکردنی کتێب و دەستکاری کردنی. وەرگێڕ

[4] وا دیارە وەکوو تەتەوریەکەی داروینی تەتەوری کردووە بە قۆناغ سبحان الله. وەرگێڕ



النصيحة

في صفات الرب جل وعلا

وتتضمن عقيدة الإمام عبدالله بن يوسف الجويني
المتوفى سنة ٤٣٨

للعلامة الشيخ أحمد بن إبراهيم الواسطي الشافعي الصوفي
المعروف: بابن شيخ الحزاميين
المتوفى ٧١١

تحقيق
زهير الشاويش

المكتب الإسلامي

لێرەدا تێبینی ئەوە ئەکەین کەوا شاوێش ڕێکخستنەکی نوێی زیادکردووە لەسەر ناونیشانی (عقیدة الواسطي) دوای ئەوەی کە ناوەکەی چاك کردەوە بۆ (النصيحة) لێرەدا یزافەیەکی نوێی زیاد کەوا ئەو (النصيحة)ی واسیطی دایناوە ئەوە واسطی عەقیدەی ئەبو محمد جوەینی لەگەڵی داناوە.

کەوایە زوهێر شاوێش پێی وایە لەو ئیزافە نوێیە لەسەر ناونیشانەکە کەوا واسگی ئەوەی خاوەنی ریسالەکەیەو دانەری ئەصڵی رسالەکەیە دەقانێکی لە عەقیدەی جوەینی وەرگرتووە لە زمنی عەقیدەکەی، بەڵام شاوێش تەناقوزی هەیە تاوەکوو واسگی بکاتە نەقڵکەری زۆرینەی ریسالەکەی لە وتەی جوەینی نەك هەمووی، هەروەکوو باسی کردووە لە تەعلیقەکەی لەسەر (الرد الوافر)لاپەڕە١٢٩، پاشان دێ تەناقوزی سێیەمیش ئەکات کە بانگەشەی ئەوە ئەکات جوەینی شایەنترە کە ئەو ریسالەیەی بدرێتە پاڵ، زوهێر شاوێش لە تەعلیقی کتێبی (مختصر العلو) هی ئەلبانی چاپی ٢ لاپەڕە٢٦ ئەڵێ: "شێخ ئەحمەدی کوڕی إبراهیمی واسیگی لە عەقیدەکەی خۆی (النصیحة في صفات الرب جل وعلا) ریسالەی جوەینی نەقڵ کردووە، هەتا درانە پاڵ جوەینی لە پێشترە، ئەمەشم لە چاپی دووەم درك پێ کرد" کۆتایی پێ هات.

سەیرکە لە چاپی (النصیحة) درکی پێ نەکردووە بەڵکوو تەنیا ئیزافەی بۆ ناونیشانەکە کردووە ئەمەش بەوەی کەوا وەحی بۆکراوە واسیطی لە عەقیدەی جوەینی لە ریسالەکەی ئەوی وەرگرتووە، جا ئەگەر خوێنەری بەڕێز سەیری هەردوو چاپەکە بکات، وە بەراوردیان بکات ئەوەی شاوێش ئیزافەی کردووە لەگەڵ واقیع ڕێکناکەوێ، چونکە لە واقیعدا هەر دوو ریسالەکە وەکوو یەکن بەتەواوەتی کە هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە بەوەی کەوا واسیطی لە جوەینی وەریگرتووە، چونکە هەردوو ریسالەکە دەقەکانیان وەکوو یەکە، بۆیە لێرەدا واجبە ئەوە جیا بکەینەوە لە وەرگرتن و لە نێوخۆگرتن و دزی، جا ئەگەر واسگی وتەی جوەینی نەقڵ ئەکات نەزیاد ئەکات وە نە کەمی ئەکات وە نەشەڕحی ئەکات وە هەڵئەستێ بەشتێکی تر جگە لە نەقڵکردن نەبێ دانە پاڵ نەبێ بۆ لای جوەینی، چونکە ئەو کارە پێی ناگوترێ لەنێوخۆگرتن و وەرگرتن بەڵکوو دزیەکی ئاشکرایە، بەڵام واقیعەن واسیطی نە وەریگرتووە، وە نە تێکەڵیشی کردووەو لەگەڵ ریسالەکەی خۆیدا لەنێوخۆی گرتبێ، بەڵکوو ئەوە خۆیتی کە دانەرەکەیە، وە سەبارەت بە جوەینیشەوە ئەو هیچ پەیوەندیەکی بەو ریسالەیەوە نیە بە ئەبەدی، ئەمەش ئەو لێکۆڵینەوەیە کە شاوێش پێی نەگەیشتووە یاخود لەسەری گرانبووە خەجاڵەتێکی زۆری کردووە دوای ئەوەی لە بەناوبانگبوونی ریسالەکە بەوەی کە هی جوەینیە لە چاپی مونیریە.

حەوتەم: کاریگەری چاپی منیرییە لەسەر باقی چاپەکانی تر:

لە ساڵی ١٤١٦ کۆچی دووبارە ئەو ریسالەیە لە دیمەشق چاپکرایەوە لە لایەن (توزیع دار المعرفة) لە ژێر ناونیشانی (رسالة في الاستواء والفوقية) کە دراوەتە پاڵ ئەبو محمدی جوەینی، لە مەیان عبد


المنعم سەعيد پێشەكی و تەعليقی لەسەر نوسيوە، ئەمەش چاپێكی دووبارەوەبووی مونيرييە هەروەكوو پێشەكی نووسەكە گوتوويەتی





لە ساڵی ١٤١٩ كۆچی دووبارە چاپێكی نوێ لە ريسالەكە لە لايەن (دار طويق) لە ڕياز لە ژێر ناونيشانی (رسالة في إثبات الاستواء والفوقية ومسألة الحرف والصوت في القرآن المجيد وتنزيه الباري عن الحصر والتمثيل والكيفية). دراوەتە پاڵ ئەبو محمد جوەينيەوە، بە تەحقيقی دكتۆر أحمەد موعازی

کوڕی عولوان حەققی مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی پەروەردە، ئەم دکتۆرە پشتی بە چاپەکەی مونیرییە بەستووە، بە ئیزافەکردن لەگەڵ وێنەیەك لە مەکتەبەی کۆلێژی محمدی کوڕی سعود بە ژمارەی (١٦١٣/ف) لە نوسخەی دەستی لیدن لە هۆڵەندا بە ژمارەی (٢٩٥١).

اضغط هنا لمشاهدة الصورة بحجمها الطبيعي ——



دکتۆر عولوان لە لێکۆڵینەوەکەی وێنەی لاپەڕەی یەکەم و کۆتاییەکەی لە نوسخەی لیدن ئەوەی کە پشتی پێ بەستووە سەلماندوویەتی بە تەك چاپەکەی مونیرییەوە، ئێمەش تێبینی ئەوەمان کرد هەروەك لەوەودوا کە دێتە پێشت



رسالة في إثبات الاستواء و ٢٢

الحمد لله الذي كان ولا مكان، ولا انس ولا جان، ولا ط
حيوان، المنفرد بوحدانيته في قدم ازليته، والدائم في
فخم سرمدانيته ليس له سمي ولا وزير ولا شبيه له ولا
المقتدر بالخلق والتصوير المتصرف بالمشيئة والتقدير
كمثله شيء وهو السميع البصير له الرفعة والعلاء والحمد و
والعلو والاستواء لا تحصره الاجسام ولا تصوره الاوهام
الحوادث ولا الاجرام ولا تحيط به العقول ولا الافهام
الاسماء الحسنى والشرف الاتم الاشمى في الدوام الذي لا يبيد
نصفه بما وصف به نفسه من الصفات التي توجب عظمته
مما انزله في كتابه وبينه رسوله صلى الله عليه وسلم في ح
ونؤمن بانه الله الذي لا اله الا هو الحي القيوم السميع البصير
القدير الرحمن الرحيم الملك القدوس العظيم لطيف خبير
مجيب متكلم شاء بمريد فعال لما يريد يقبض ويبسط ويرضى
ويكره ويضحك ويأمر وينهى ذو الوجه الكريم والسمع ال
والبصر البصير والكلام المبين واليدين والقبضتين والقد
والعظمة والامتنان لم يزل كذلك ولا يزال استوى على عرش
من خلقه لا يخفى عليه منهم خافية علمه بهم محيط وبصره
وهو في ذاته وصفاته لا يشبهه شيء من مخلوقاته ولا يمثل
جوارح مبتدعاته وهي صفات لائقة بجلاله وعظمته لا

الورقة الأولى من المخطوط نسخة ليدن

یەکەم: لە پەراوێزی لاپەڕەی یەکەم لە دەستنووسەکە لیدن بە خەتێکی جیاواز ئەو دەقە هاتووە((رسالة في إثبات الاستواء لإمام الحرمين)، ئەمەش نزیکخراوەیەکی نزیکە کە تەئکید لەسەر

تێکەڵاوی کردن و هەوڵی تەزویرکردن دراوە، بەجۆرێ کە دانەرەکەی وای بۆچووە کەوا ئەوەی ئەو تەعلیقەی نوسیوە ئەوە دانەرەکە ئەبولمەعالی جوەینیە کە ئیمامی حەرەمەینە، نەك ئەبو محمدی جوەینی باوکی ئیمامی حەرەمەین، ڕەنگە ئەویش هەڵخەڵەتابێ بەو تەعلیقە تێکەڵ و پێکەڵەی کە باسی لێوە کرا لە دەستنووسەکە.

دووەم: دەستنووسەکەی لیدن هەمان ئەو تەعلیقە تێکەڵ و پێکەڵەی لەخۆگرتووە کەوا لە دەستنووسەکەی هەیوانی شامیەکان لە ئەزهەر هاتووە، جا کاتێ لەبەرگرەوەکەی ئەو دەستنووسە زانستی کەم بووە هاتووە ئەو تەعلیق و پێناسە تێکەڵ و پێکەڵەی کردووە کە باسمان لێوە کرد، ئەمەش ئەوەت پێ نیشان ئەدەن کەوا ئەصڵی هەردوو دەستنووسەکە یەکە، وە ئەم تەعلیق و پێناسەیەش وای لە هەندێکان کردووە بەوەی تەعلیق بدەن کەوا دانەری ریسالەکە ئەوە ئیمامی حەرەمەینی جوەینیە، وە ئەوش ڕاجیح و پەسند دەکرێ کەوا نوسخکەی لیدن لەبەرگیراوەتەوە لە نوسخەکەی هەیوانی شامیەکان، لەبەرئەوەی دەستنووسەکەی لیدن بە خەتێکی نوێ نوسراوە.

ئەوەی دیاربێ یەکێ لەو نوسخانە کە مێژوونووس زرکلی[٥] پێی گەیشتووە لەوکاتەی کە گوتوویەتی لە پێناسەی ئەبو محمدی جوەینی لە کتێبەکەی خۆی ((الأعلام))٤/١٤٦ـ١٤٧. (چەند ریسالەیەکی هەیە لەوانە: (إثبات الأستواء ـ ط) کە لە ئەصڵی دەستنووسەکە بینیومە دەقەکەی (شێخی ئیسلام صابوونی گوتوویەتی: ئەگەر بێت و جوەینی لە نێو بەنی ئیسرائیل بایە ئەوە وەصفەکانی ئەومان بۆ نەقڵ ئەکراو شانازی پێوە ئەکرا". کۆتایی هات.

جا هەموو چاپەکان ئەوانەی کە من لەسەری وەستاوم هەموویان کاریگەرن بە چاپەکەی مونیرییە.

هەشتەمین: دەقی ریسالەکە بەڵگەیە لەسەر بەری بوونی ئیمامی جوەینی لێی:

زۆرترین توێژەران بێ ئاگابوون لە دیراسەکردنی دەق بۆ تەئکید کردنەوەی دروستیەتی ئەو درانە پاڵ جوەینی، ئیکتیفایان بە نوسخەیەکی دەستنووس کرد کە هەڵگری بەڵاو هەڵەیە، خۆم دەقێك لە ریسالەکە بینی کە دراوەتە پاڵ واسیطی یاخود جوەینی لە دوو نوسخەی دەستنووسی تردا بینیم کە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر بەری بوونی ئیمامی جوەینی لەو ریسالەیە، وە دانەری ئەو ریسالەیە واجبە لە دوای سەدەی حەوتەمی کۆچی ژیابێ ئەمەش بەڵگە:

[٥] خیر الدینی زرکلی لە ساڵی ١٣٩٦ کۆچی بەرامبەر بە ١٩٧٦ زاینی وەفاتی کردووە. واتە: کەسێك وا نەزانی مێژوو نووسەکی کۆنە، بەڵکوو ئەویش ئیتتلاعی بەسەر تەزویراکاندا نەبووەو نەیزانیوە.

دانەری ئەو ریسالە باسکراوە ئەڵێ:

((قال الإمام الحافظ عبدالغني في عقيدته لما ذكر حديث الأوعال قال: ( رواه أبو داود و الترمذي و ابن ماجه ، وقال : حديث الروح رواه أحمد و الدارقطني ))اهـ.

واتە: ئیمامی حافیز عبد الغنی لە عەقیدەکەی خۆی کاتێ باسی (حديث الأوعال) ئەکات ئەفەرمووێ: (ئەبو داودو ترمذی و ئیبن و ماجە ڕیوایەتیان کردووە، وە ئەفەرمووێ: فەرموودەی ڕووح ئەحمەدو دارەقوطنی ڕیوایەتیان کردووە).

ئەو دەقە مەوجودە لە ریسالەکە ئەوانەی کە گومانیان بۆ ئەوە چووە ئەوە هی جوەینیە، ئەی باشە وجودی ئەو دەقە چیە؟ واتە: دانەری ئەو ریسالەیە لە کتێبێکەوە نەقڵ ئەکات لە عەقیدە، وە دانەری ئەو کتێبەش کە لێیەوە نەقڵکراوە ناوی عبد الغنی یە، وە ناسناوەکەشی بە ئیمام و حافیزە، وە ئەو حافیزەش لە کتێبەکەی خۆی لە عەقیدەدا ئەو فەرموودەی تەخریج کردووە ئەوەی کە باسی لێوە کرا، وە فەرموودەی ڕووحیشی تەخریج کردووە، ئەمەش لە خیلالی ئەم دەقەوە ئەوە ڕوون ئەبێتەوە کە خاڵ بە خاڵ بۆتی باس ئەکەین:

ئەو حافیز عبد الغنی یەی کە باسی لێوەکرا لەو دەقە ئەبێ یەکێ بێ لەوانە:


١ـ عبد الغنی مەقدیسی حەنبەلی وەفاتی ٦٠٠ کۆچی، کە تۆمەتبارە بەحەشوی، یاخود ئەو حافیزو:

٢ـ عبد الغنی کوڕی سەعیدی ئەزدیە وەفاتی ٤٠٩ کۆچیە.

ئەمەش شتێکە کە هیچ کەسێك ئاوڕی لێ نەداوەتەوە، وە دکتۆر عولوان لێکۆلەری ریسالە ساختەکراوەکە ئەوەی کە دراوەتە پاڵ ئیمامی جوەینی وەفاتی ٤٣٨کۆچی ناچاری ئەوە بووە تەصەوری ئەو عبد الغنی یە بکات لەو ریسالە ساختەیە بەوەی کەوا ئەوە ئەزدیە وەفاتی ٤٠٩ کۆچی، ئەمەش لەبەرئەوە ناچار بووە بڵێتن ریسالە ساخنەکە هی جوەینیە چونکە شتێکی مەنتقیە عبد الغنی ئەزدی پێش ئیمامی جوەینی وەفاتی کردووە، بۆیە جوەینی لەوەوە نەقڵی کردووە چونکە پێشی کەوتووە لە ڕووی زەمەنەوە، ئەویش دوای ئەزدی هاتووە، بەڵام ڕاستیەکی زۆر هەیە کە واجب ئەکات کەوا ئەو عبد الغنی یەی کە لە ریسالەکە هاتووە ئەوە عبد الغنی مەقدیسیە کە وەفاتی ٦٠٠ کۆچیە، نەك عبد الغنی ئەزدی بێ، ئەمەش ئەو ڕاستیانە:

**ڕاستی یەکەم:**

ئەوەی کتێبی لە عەقیدە هەیە ئەوە حافیزی عبد الغنی مەقدیسیە کە وەفاتی ٦٠٠ کۆچیە، وە کتێبەکەشی بەناوبانگەو چاپکراوە لە ژێر سەرپەرشتی (الرئاسة العامة لإدارات البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد ـ الإدارة العامة للطبع والترجمة) ئەم چاپی یەکەمە لە ساڵی ١٤١١ کۆچی بە ناونیشانی (عقيدة الحافظ تقي الدين عبد الغني بن عبد الواحد المقدسي ت٦٠٠هـ )، ئەوەی بە لێکۆڵینەوەی ئەو کتێبە هەڵسا عبد الله کوڕی محمدی بوصەیریە، کە موحازرە لە کۆلێژی بانگەواز لە جامیعەی ئیسلامی لە مەدینەی منەووەرە.


عقيدة الحافظ

تقي الدين عبد الغني بن عبد الواحد المقدسي

(ت ٦٠٠هـ)

حققها وخرج أحاديثها وعلق عليها

عبد الله بن محمد البصيري

محاضر بكلية الدعوة بالجامعة الإسلامية

بالمدينة المنورة

طبع على نفقة بعض المحسنين

تحت إشراف

الرئاسة العامة لإدارات البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

الإدارة العامة للطبع والترجمة

الرياض - المملكة العربية السعودية

وقف لله تعالى

الطبعة الأولى

١٤١١هـ - ١٩٩٠م

کەچی حافیزی عبد الغنی ئەزدی وەفاتی ٤٠٩ کۆچیە هیچ کتێبێکی لە عەقیدەدا نیە، بەڵکوو ئەصڵەن گرینگی بەو لایەنە نەداوە هێندە بە پێچەوانەی مەقدیسی، بە تایبەتی ئەزدی لە دەوڵەتی عەبیدیە غولاتەکانی میسر بووە، ڕەحمەتی خوای لێ بێ بەجۆرێ ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن ئەوەی لە دڵ و دەروونیدا بوو ئەیشاردەوە نەوەکا بیکوژن، ئیتر لەوەوە ئەگەینە ئەو ڕاستیە کەوا ئەو عبد

الغنی یەی کە لە ریسالە ساختەکە باسی لێوەکراوە ئەوە حافیزی عبد الغنی مەقدیسیە کە وەفاتی ٦٠٠ کۆچیە.

**ڕاستی دووەم:**

عبد الغنی مەقدیسی وەفاتی ٦٠٠ کۆچی لە کتێبی عەقیدە چاپکراوەکەی ئەو فەرموودەی کە لە ریسالە ساختەکە هاتووە هەمان ئەو دوو فەرموودەیە بەهەمان تەخریجەوە لە کتێبی عەقیدە چاپکراوەکەی مەقدیسی هاتووە. ئەو دوو فەرموودەش (حديث الأوعال ـ حديث الروح).

سەبارەت بە (حديث الأوعال) ئەوە لە لاپەڕە ٤٢ تەخریجی کردووەو لە دوای ئەوە ئەڵێ: (رواه أبوداود والترمذي وابن ماجه القزويني)، ئەبو داودو ترمذی ئیبن و ماجەی قەزوینی ڕیوایەتیان کردووە. ئەمەش بەتەواوەتی لە ریسالە ساختەکە هاتووە.

وە سەبارەت بە (حديث الروح) ئەوە مەقدیسی بەو جۆرە تەخریجی کردووە لە لاپەڕە ٤٥:

(( وفي حديث أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم ذكر المؤمن عند موته وأنه يعرج بروحه حتى ينتهى بها إلى السماء التي فيها الله . رواه الإمام أحمد والدارقطني وغيرهما )) اهـ . ئیمامی ئەحمەدو داڕە قوگنی و غەیری ئەم دووانەش ڕیوایەتیان کردووە. ئەمەش بەتەواوەتی لە ریسالە ساختەکە مەوجودە.

ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ ئەو عبد الغنی یەی کە لە ریسالە ساختەکە باسی لێوە کراوە ئەوە عبد الغنی مەقدیسیە ئەوەی کە کتێبێکی لە عەقیدەدا داناوە کە کۆمەڵە هەواڵێکی تێدا گرتکردووەتەوە لە زمنی ئەو هەواڵانەش ئەو دوو فەرموودەشە کە هەر دووکیانیشی تەخریج کردووە هەروەکوو بەتەواوەتی بینیت ئەوە دانەری ریسالەکە کە لێیەوە نەقڵی کردووە، بۆیە سەلما کە ئەوە مەقدیسی حەنبەلیە وەفاتی ٦٠٠کۆچی، وە ئەوەش سەلما کە دانەری ریسالە ساختەکەش واسیطیە نەك ئیمامی ئەبو محمد جوەینی. چونکە واسیطی دوای مەقدیسی وەفاتی کردووە بە نزیکەی سەدساڵ زیاتر.

**ڕاستی سێیەم:**

تێبینی ئەوە ئەکەین کەوا دانەری ریسالە ساختەکە ناسناوی لەو عبد الغنی یە ناوە بە (ئیمام و حافیز) جا گریمان دانەری ریسالەکە ئەبو محمدی جوەینی بێ وەفاتی ٤٣٨ کۆچی، وە ئەو عبد الغنی

یەش ئەزدی بێ وەفاتی ٤٠٩ کۆچی هەروەکوو لێکۆڵەری کتێبەکە وا تەصەوری بۆ کردووە، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ عبد الغنی ئەزدی میسری ئەوە بەماوەیەکی کەم و خوراڤی بەناوبانگ بووەو ناوی بڵاو بووەتەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو ناوەڕاست هەتا گەیشتووەتە وڵاتی فارس و نەیسابوورو ئیتر بەناوبانگبووە لە نێویان بە پلەیەك ئیمامی جوەینی ناوی لێناوە بە (ئیمام و حافیز) هەموو ئەو ناودەنگیەش لە سەردەمی عبد الغنی ڕوویداوە بە ماوەیەکی کەم لە نێوان عبد الغنی ئەزدی و جوەینیدا کە ئەویش ٢٨ ساڵە بە تەنیا، ئەمەش کارێکی دوورە، بەڵگەش لەسەر دووریەتی کە ڕیوایەتێك نیە لە خەڵکی نەیسابوورەوە لە ڕێگای عبد الغنی ئەزدیەوە کەوا بەڵگە بێ لەسەر ناسینیان، بەڵکوو جوەینیش ئەوەندە سەرقاڵ نە ئەبوو بە کتێبەکانی فەرموودە بە ئیزافەکردن لەگەڵ ئەوەش ناسناوی ئیمامەتی لەسەردەمی جوەینی داخوازی چەندەها فەننی ئەکرد لە زانستەکان، وە حافیزی عبد الغنی ئەزدی میسری کەسێکی موحەددیس بووە بە تەنها، ئیتر لەوەوە تەصەورکردنی ناسناوی بە ئیمامەتی سەختە، بەڵام زانا پاشاینەکان ئەوەیان لە نێودا دەرکەوت بە زیادەڕۆیشەوە، بۆیە دروستە ئەو وەصفە دەرچوو بێ لە واسیطی حەنبەلیەوە بۆ مەقدیسی حەنبەلی.

**ڕاستی چوارەم:**

ئێمە تێبینی ئەوە ئەکەین کەوا ئەو عبد الغنی یەی کە نەقڵ کراوە لە ریسالە ساختەکە حەدیسی داوەتە پاڵ دارەقوگنی، ئەوەی کە زانراوە دانەپاڵی فەرموودەکان بۆ لای پێشەواو موحەددیسینەکان کاتێکە کە ڕۆژگارێك تێپەڕی بێ نەك بیداتە لای کتێبێك کە خاوەنەکەی هاوسەردەمی بێ یاخود هاوەڵی بێ ئەگەرچی لە چینی شێخەکانی خۆیشی بێ، بۆیە دروست نیە ئەو عبد الغنی یەی ئێرە ئەوە ئەزدی بێ، چونکە ئیمامی ئەبولحەسەن عەلی کوڕی عومەری دارەقوگنی وەفاتی ٣٨٥ کۆچیە، وە عبد الغنی کوڕی سەعیدی ئەزدی وەفاتی ٤٠٩ کۆچیە، واتە: هاوسەردەمن لە یەك چینن.

زەهەبی لە (سير الأعلام النبلاء) ئەفەرمووێ: "بەرقانی فەرموویەتی: پرسیارم لە دارەقوطنی کرد کاتێ کە هاتە میسر، ئایە کەسێك هاتە ڕێگات کە شتێك لە زانست تێ بگات؟ فەرمووی: بە درێژایی ڕێگام نەمبینی ئیللا گەنجێك نەبێ لە میسر، کە پێی ئەگوترێ: عبد الغنی، وەك بڵێی شوعلەیەکی ئاگرە، دارەقوطنی کارەکەی بە گەورە دائەناو باسکردنیشی بەرز ڕائەگرت.

وە ئەبو لفەتح مەنصوری کوڕی عەلی توڕسوسی ئەفەرمووێ: ئەبو لحەسەنی دارەقوطنی ویستی دەربچێ لە لامان لە میسر، ئێمەش دەرچووین تاوەکوو بەڕێی بکەین، کاتێ بەڕێمان کرد گریاین، فەرمووی: بۆ ئەگرێن لە لاتان عبد الغنی کوڕی سەعید هەیە.

وە محمدی کوڕی عەلی صوری ئەفەرمووێ: حافیزی عبد الغنی بە منی گوت: "دەستم بە کتێبی (المؤتلف والمختلف) کرد، کاتێ دارەقوطنی هاتە لای ئێمە، ئیتر لەو شت گەلێکی زۆرم وەرگرت، وە کاتێك لە دانراوەکەم بوومەوە پرسیاری لێ کردم کە بۆی بخوێنمەوەو لە منەوە گوێبیستی بێ، گوتم: لە تۆ وەرم گرتووە زۆرینەیان، فەرمووی: وا مەڵێ، تۆ بە جیا لە منت وەرگرتووە، کە کۆمەڵێکم هێناوە تیایدا، وە شت گەلێکیشی تێدایە لە شێخەکانی تۆ وەرم گرتووە، ئینجا ئەزدی خوێندیەوە بۆی) کۆتایی هات.

وە حافیزی عبد الغنی ئەزدی خودی خۆی لە کتێبی (المؤتلف والمختلف) لاپەڕە **٩٣** ئەفەرمووێ: (مولى الوزير أبي الفضل جعفر بن الفضل سمع من سليمان بن داود البزاز وغيره، سمعنا منه مع أبي الحسن علي بن عمر ..))اهـ. واتە: مەولای وەزیر ئەبو لفەزڵ جەعفەری کوڕی فەزڵ گوێی لە سلێمانی کوڕی داودی بەززازو غەیری ئەویش بووە، ئێمەش لەگەڵ ئەبو لحەسەن عەلی کوڕی عومەر گوێمان لێی بووە... . کۆتایی هات

جا لەکەیەوە ئەهلی حەدیس عەهدیان داوە بەو جۆرە فەننە کە ئیمامێك هەڵسی بە تەخریجکردنی فەرموودەیەك لە کتێبی هاوەڵەکەی؟ بەڵکوو بەبێ ئەوەش ناوی کتێبەکە بهێنێ ئەوەی کە ڕیواتی تێدا کردووە ئەصڵەن؟ ئەمەش قەرینەیەکی تری بەهێزە کەوا ئەو عبد الغنی یەی کە لە ریسالە ساختەکە هاتووە ئەوە مەقدیسە نەك ئەزدی بێ.

ڕاستی پێنجەم:

ئێمە ئەبینین کەوا ئەو عبد الغنی یەی کە لێوەی نەقڵکراوە لە ریسالە ساختەکە فەرموودەی داوەتە پاڵ (ئەبو داودو ترمزی ئیبن و ماجە) ئەمەش قەرینەیەکی بەهێزی ترە چونکە سونەنی ئیبن و ماجە لە کتێبە تەخریجکراوەکان نەبووە پێش حافیزی محمدی کوڕی تاهیری مەقدیسی وەفاتی **٥٠٧** کۆچیە، وە یەکەم کەسێك لە تەخریج کردندا کە کتێبی ئیبن و ماجەی خستە پاڵ کتێبی پێنج پێشەواکەی فەرمووده مەبەستمان (بوخاری و موسلیم و ئەبو داودو ترمذی و نەسانی) ئەوە ئە محمدی کوڕی تاهیرەیە، ئەوەشتزانی کە وەفاتی ئەو پیاوە چەندە، شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەر لە (النکت

على كتاب ابن الصلاح: ٤٨٧ ) ئەفەرمووێ: "ئیبن و عەساکیر گێڕاویەتیەوە کەوا یەکەم کەسێك کتێبی ئیبن و ماجەی ئیزافە کردووە بۆ لای ئوصولێ ئەوە ئەبو لفەزلێ ئیبن و تاهیر بووە. تەواوە هەروەکوو ئەوەی فەرموویەتی، چونکە کاری ئەتڕافەکانی لەگەڵی کردو بەشێکی تری دانا لە مەرجەکانی شەش پێشەواکە بۆیە لەگەڵ ئەوان هەژماری کرد، پاشان حافیزی عبد الغنی کاری لە کتێبی (الكمال في أسماء الرجال) کرد ئەوەی کە حافیزی ئەبو لحەججای مززی تەهذیبی کردووە کە لە نێویاندا باسی لێوە کردووە". کۆتایی هات

ئیمامی کەوسەری لە (شروط الأئمة الستة) ل٧، ئەفەرمووێ: "یەکەم کەسێك کتێبی سونەنی بۆی خستە ڕیز ئوصولی شەشەکە ئەوە حافیزی ئەبولفەزلی کوڕی تاهیرە، ئیتر لەوەوە زۆرترین حافیزەکان شوێنی کەوتن لە کتێبەکانیان لە پیاوەکان و ئەتڕافەکان". کۆتایی هات

وە شێخمان عەللامە محمد عبد الرشيد نوعمانی ڕەحمەتی خوای لێ بێ هەواڵی پێداین و ئیجازەشی پێداین لە کتێبەکەی خۆی : (ما تمس إليه الحاجة لمن يطالع سنن ابن ماجه) ئەفەرمووێ: "لەسەر ئەوە: ئیزافە کردن بۆ لای پێنجەکە ڕوویدا لە سەرەتای سەدەی شەشی کۆچی، ئەمەش هیچ کاریگەریەکی لەسەر پیشکەوتووەکان نیە ئەوانەی ڕابوردوون". کۆتایی هات

ئەو بابەتە لە بابەتە مەشهوورەکانە لە نێو ئەهلی عیلم بەو فەننە لە کۆن و نوێدا.. جا ئەگەر ئەمە ئیقرارِ کراوەو دامەزراوە ئەوە زانیشت کەوا ئەو حافیزە باسکراوەی لە ریسالە ساختەکە ئەوەی کە باسی ئیبن و ماجەی کردووە لەگەڵ ئەبو داودو ترمذی لە تەخریجەکەی ئەوە بۆت دەرئەکەوێ کەوا ئەو عبد الغنی ئەوە مەقدیسی حەنبەلیە خاوەنی کتێبی (الكمال) وەفاتی ٦٠٠ کۆچیو. کە ئیقتیدای بە ئیبنو تاهیر کردووە ساڵی وەفاتی ٥٠٧ کۆچیە لە خستنە پاڵی ئیبن و ماجە بۆ لای پێنج پێشەواکە، نەك عبد الغنی ئەزدی بێ کە ساڵی وەفاتی ٤٠٩ کۆچیە بەر لەوەی ئەو زاراوە پەیدا ببێ، جا هەروەك چۆن دانە پاڵ لە بۆ لای سونەنی ئیبن و ماجە لە ریسالە ساختەکە بەدەستهات ئەوە دانە پاڵیش بۆلای موطأ مالیك لەو ریسالەیە بە دەستهاتووە، ئەم بابەتەش وەکوو پێشووەکەیە، چونکە یەکەم کەسێك موطأ مالیکی ئیزافە کرد بۆ لای پێنجەکە ڕەزینی کوڕی موعاویەی سەرقەسطی مالیکی بوو وەفاتی ٥٢٥کۆچیە لە کتێبەکەی خۆی (التجريد للصحاح والسنن)، ئەی چی کاتێ ئەبینی دانەپاڵی خاوەنی ریسالە ساختەکە بۆلای داڕەقوطنی تاخیرهاتووە لە ئیبن و ماجە بە سەد ساڵ؟! ئەوەی کە من سەیرم کردووەو دەرکەوتووە لە کتێبەکانی حافیزی عبد الغنی ئەزدی میسریەوە یەك فەرموودەم نەبینی کە دابێتیە پاڵ ئیبن و ماجە، بەڵکوو فەرموودەکان ناداتە پاڵ هیچ

کەسێ بە دەگمەن نەبێ ئەگەر کردبێتیشی ئەوە داویەتە پاڵ بوخاری یان موسلیم یان نەسائی، وە شایەنی باسکردنیشە کە ڕیوایەتی سونەنی ئیبن و ماجە ڕووی نەداوە بۆ حافیزێکی گەورەی هاوەڵانی جوەینی وەکوو بەیهەقی ئەی لە کوێ بۆ جوەینی؟

جا لەوەی کە پێشکەشمان کرد بۆ خوێنەر دەرئەکەوێ دانەری ئەو ریسالەی ئیستیواو فەوقیە کەسێ داینـاوە کە لە دوای ٦٠٠ کۆچیەوە ژیاوە ئەو ساڵەی کە عبد الغنی مەقدیسی وەفاتی کردووە، ئەم سیفەتەش شایەنە بە واسیطی حەززامی حەنبەلیەوە، کە هیچ پەیوەندیەکی بە ئیمامی ئەبو محمد جوەینیەوە نیە.

**ڕاستی نۆیەم:** ئەو هەموو تێکەڵیە لە کوێوە هاتووە؟

ئەگەر بێت و پرسیارکەر بپرسێ لەسەرهەڵدانی هەموو ئەوانە، ئەوە وەڵامان ئەوەیە ئەوەی کە ئێمە گومانمان بۆی هەیە خوداش زاناترە لەبەرگرەوەکە کاتێ وەستاوە لەسەر دەستنووسی (النصیحة) کە باسی لێوەکرا هیچ ناوێکی نەدۆزیوەتەوە کە نوسرابێ لەسەری یان دۆزیتیەوە بەڵام تەشویشکراوە یان ڕەشکراوەتەوە، ئەویش نەوەستاوەتە سەر ئەصڵی صەحیحەکەو بەبێ ئەوەی زانیبێتی ناوی دانەرەکەی کێیە، ئیتر سەیری کردووەو بینیویەتی کەوا دانەرەکەی هەواڵی لەبارەی خۆی داوە کەوا لە بابەتانێکدا تووشی حەیرەت بووە لە بابەکانی عەقائد وەکوو سیفات و جیهەت. جا شتانێکیش لە نەقڵکراوە لە کتێبە سەرەکیەکان لە ئیمامی حەرەمەینەوە ئەبو لمەعالی ئیتر هەواڵگوێزەرەوەکانیش نەقڵیان کردووە ئیتر لەبەرگرەوەکەش وەهمی کردووە بە ئیجتیهادی خۆی کەوا ئەو ریسالەیە هی ئەوە، ئەویش پێناسەیەکی تێکەڵ و پێکەڵی کردووە لە نێوان ئەبولمەعالی جوەینی و باوکی ئەبو محمد جوەینی، پاشان چاپەمەنی مونیریە هاتووە هەروەك گوتمان بەهەموو ئەو عیللەتانەوە چاپی کردووەو داویەتە پاڵ جوەینی گەورە واتە باوکی ئیمامی حەرەمەین، لە دەرەنجام تەزیورو ساختەیەکی ڕوون و ئاشکراو فاحشکراوە کە دراوەتە پاڵ ئیمامێکی گەورە کە ئەبو محمد جوەینیە، ئیتر حەشویەکانیش بە دەرفەتیان زانیوە لەبەر چەند بانگەشەیەکی ساقیت و پوچ.

**ڕاستی دەیەم:**

شوێنەواری دانەپاڵی ئەو ریسالە ساختەیە بۆ لای ئیمامی جوەینی: بێگومان ئەو ریسالەیە ساختەیە کە دراوەتە پاڵ ئیمام ئەبو محمدەوە، ئێستاکە پێگەی خۆی وەرگرتووە لە مەکتەبەی ئیسلامی، وای لێ هاتووە دانەپاڵەکەی بۆ لای جوەینی لای هەندێ لە سەرقاڵکەرەکانی زانست

بووەتە كارێكی بێگومان بەبێ دوو دڵی، بەتایبەتی لای ڕقلێبووەكانی ئەهلی سوننەو جەماعە ئەوانەی كە پێشەواكانی ئەشاعیرە عەیبدار ئەكەن و بە گومڕایان ئەزانن، وە جێگای ئەسەفیشە كەشفكردنی ئەم ساختەكاریە كارێكی سەخت نیە ئەگەر بێت و پێچەوانكەرەكان بەڕاستی بیانەوێ كەشفی بكەن بەڵام لەبەر حەزیان بە دانەپاڵی بۆ جوەینی تاوەكوو دروستیەتی مەزهەبەكەی خۆیان دابمەزرێنن و پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوەی پێشەواكانی ئەهلی سوننە بۆ لای ئەوان بە خەڵكی بڵێن، حەز كردنیان بەمە كوێرو كەڕی كردوون لە لێكۆڵینەوەو وردبوونەوە ـ وە خۆشەویستیشت بۆ شتێك كوێرو كەڕت ئەكات، زۆرێكیش كەوتووەتە ناو ئەو هەڵەیەوە وەكوو ئەلبانی و زوهێر شاوێش و سەفەر حەوالی... ئەمانەش سوپایەكی گەورەیان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت كە ئێستاكە ئەزانن لەوەی كە شاردوویانەتەوە، لەسەر ئەم ریسالەیە شارو دێهاتیان لەسەر دامەزراندووە! وە ئەو ریسالەیە بڵاوبووەتەوە لە تۆڕە عەنكەبووتیەكانی ئینتەرنێت، ئەوەی نامۆیە ئەوە نیە كە ئەمانە لە ئاسانكاری و یاری كە كردوویانە بەڵكوو ئەوەی نامۆیە هەندێ لە ئەهلی عیلم شوێنیان ئەكەون فریو ئەخۆن پێیەوە، وەك بڵێی بابەتەكە بووەتە شتێكی موسەللەم و تەواو، هەروەكوو ئوستازی بەڕێز محمد عەبیاشی كوبەیسی لە ریسالەكەی خۆی (الصفات الخبرية عند أهل السنة والجماعة)، بەجۆرێ ریسالەكانی دكتۆراو ماستەرەكان لەو جۆرە ستەم و تاوانە سالم نەبوونە، بەڵكوو ئەمانیش كەوتوونەتە ناو هەڵە زەقەیەوە، ئەوەی واجبیشە كە خوێنەری بەڕێز فریو نەخوات بە چەواشەكاریەكانی ئەوان بەڵكوو بە دڵێكراوەوە ئەم لێكۆڵینەوە بخوێنێتەوەو نیەت و بەرژەوەندی مەزهەبی پووچی حەشویەكانی بۆ دەركەوێ و ئینجا بڕیار بدات، وە ئەو كەشفكردنەی كە لەم لێكۆڵینەوە كرا ئەستەمە حەشویەكان بتوانن ڕەددی بدەنەوە چ لە ڕاستەی وە چ لە چەپەی، چونكە دوورە لە گومان و چەواشەكاری، حەشویەكانیش لێرەدا جگە لە بێ دەنگی و عەیب و عارِ چی تریان بۆ نەماوەتەوە چونكە فەزحكراون، وە دان بەوەشدا ئەنێم ئەستەمە حەشویەكان قەناعەت پێ بكەی كەوا ئەو ریسالەیە هی ئەبو محمد جوەینی نیەو ئەو لێی بەریە، هەروەكوو چۆن قەناعەت پێكردنی شیعەی ڕافیزیەكان بە بەری بوونی هەر دوو شێخەكان ئیمامی ئەبو بەكرو عومەرو دایكی ئیمانداران لە نەنگی و ناتەواوی، تۆ ناتوانی هیدایەتی كوێرایی ئەمان بدەی لەو گومڕاییەی كە تێكەوتوونە، والسلام.

**نەقلكراوە لە (منتدى روض الرياحين) هی شێخی ئەزهەرمان .... گەڕام نوسرەكەم نەدۆزیەوە**

**وەرگێڕانی: باوكی غەزالی مەلا ڕەزوان**